## رۆشنبیری لە دیدی سەعدوڵلا برایم خان ... هەڵگورد زۆزک (تیری ئاگرین)

جار جارە قەلەمەکەت کە وەك خۆت سەرگەردانەو کۆمەلێك ئایدەلۆژیا هەردەم پەلکێشی دەکات و کای کۆن و نوێ بەرپا دەکەی ومەنهەجی فیکریت وەك پەرە موچ لە گێژاوەی گەردەلوول سورِ دەخوا، تەنها وەسیەت و حەیرانی غەریبی بەدەست ماوە... !

جا ناچار دەبێت تانەو تەشەر لە خەڵکان بدەی تا هەست بکەیت هەر ماویت... !.

بەستەزمان تا ئیستا بە رەوشتی دیکتاتۆری و هاوار مامەڵە لە گەڵ ماڵ ومنداڵەکانت دەکەیت.. !، خۆ کەسانێك لە دەنگە دەنگ زوو بێزار دەبن کە نەخۆشی اعێابیان هەبێت.... !.

بەرێز.... هێشتا ئایدەلۆژیای کۆنی ئەدەبی (ژن) هەر لەسەر خامە شێتەکەت ماوە، کە وشەیێکە زۆر رەقە کە دەبڵێ:. هاوسەرەکەم، دایکی منداڵەکانم، خێزانەکەم... هتد.

بەرێزم...

دیتنی کۆخ لە خەون و خەیاڵاتدا... نیشانەی ئیفلاسی یەو دیتنی شمشێری درێژی دووسەرە، نیشانەی قەرزداری و بەخت رەشی یە.... !، باش نەبوو لەو خەوە ئەستێرەو بورجی خۆشت نەبینی ئەگەرنا.... دەقەوما... !!.

نوکە موبایلە ناوە ناوەکەشت بە خەبەرت دێنێ تا چالاکی (12) دوانزە سواری مەریوانی راستیەکانت لە مەیدان بسەلمێنی... !.

وە تێکەڵاوکردنی ساڵی زایینی و کۆچی چاك دەزانی مانای چی یە... !.

لەبەر دەرگای خەیاتەکانی سۆران یەکسەر چوویە لای مزگەوت و مەلا... !، دەزانم رِقت لە خەیات نی یە، رِقت لەقوماشە (چاك دەزانی مەبەستم چی یە) و مەلاش قوماش زۆر بەکاردەهێنێ... !.

وە چونکە سەردەم سەردەمی مۆندیالە... داوا لە مەلایەکی هەژار دەکەیت گۆل لە زەرقاوی بکات و جوببەو مێزەر فرێ بدات و شۆرت و فانیلە لەبەر بکات، تا هاواری بیلالی قوماش فرۆش و دەفتەرە کۆنە قەرزەکانت قیرەی پێ نەکات... !!!.

راست دەکەیت عەلی مەردان وسەید ئەسغەرو تایەر تۆفیق و ماملێ جوانی هونەرن، بەڵام تۆ پێویستت بە کاوێس ئاغاو تەنها لاوکی کورد خائینۆ.... !!.

غەمی کوردت نەبێت، خوای کورد هەزارانی وەکو سەددام و زەرقاوی و هەواری بومدیەن و شای ئێران بۆ زبڵدانی مێژوو رەوانە دەکات...

*ئەمە وەڵامی بابەتەکەی زاری کرمانجی (سەعدوڵلا برایم خان) ە.

Azeen_2003@yahoo. com

١